د. نازناز محەمەد قادر:

# دڕندەیی تیرۆریستان و گەورەیی تاوانی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی لە تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفالی گەرمیان و بارزان کەمتر نەبوو

تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە شام و عێراق (داعش ) ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ پەلاماری کوردانی ئێزیدییان و دا و سەرەڕای تاوانی کۆکوژیی پیاوان، ئافرەتان و منداڵانیشیان ڕفاندو بەو جۆرە ڕۆژێکی پڕ لە نەهامەتی و کارەساتباریان لە مێژووی کورد و کوردستاندا دووبارە کردەوە، کە برینەکەی لە جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفالی گەرمیان و بارزان بەئازارتر بوو، لەبەر ئەوەی کچان و ئافرەتانی ئێزیدی وەک دەستکەوتی شەڕ و سەبایا مامەڵەیان لەگەڵ کرا و لە بازاڕی پیاوانی داعش کڕین و فرۆشتنیان حەڵاڵ کرا. هەر لە بارەی ئەو تاوانە گەورەیەی کە دەرحەق کوردانی ئێزیدی کراوە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د. نازناز محمەد قادر ڕاوێژکاری پەروەردە لە ئەنجوومەنی وەزیران و چالاکی بواری مافی مرۆڤ سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** ئەو کارەساتەی لە سەر دەستی تیرۆریستانی داعش بەسەر کوردانی ئێزیدی هات هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، حکومەتی عێراقی تا ئێستاش کارێکی ئەوتۆی بۆ سارێژکردنی ئەو برینە قووڵە نەکردووە، ئایا حکومەتی کوردستان لەو بوارەدا چی کردووە و دەبێت چی بکات؟**

- ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ١٩٨٨/٣/١٦ ڕۆژێکی لەبیرنەکراوەیە لە مێژووی کورد و کوردستان، لە بەر ئەوەی ڕۆژی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی بوو، دڕندەیی تیرۆریستان و گەورەیی تاوانەکەش لە تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفالی گەرمیان و بارزان کەمتر نەبوو. لەم ڕۆژەدا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) هێرشیان هێنایە سەر شنگال و هەزاران کەسیان شەهید کرد و ٦٤١٧ ئافرەت و پیاویان ڕفاند، لەم ژمارەیە ٣٥٤٧ کەس مێینە و ٢٨٧٠ کەس نێر بوون. لە ٢٠١٤/١١/١١ نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد کە دۆسییەیەك بۆ گەڕاندنەوەی ڕفێندراوانی ئێزیدی بکرێتەوە، دۆسیەکەش کەوتە ئەستۆی بەڕێوەبەری کاروباری ئێزیدییان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی کوردستان، هەروەها لە دهۆك ئۆفیسێك بۆ ئەو مەبەستە کرایەوە. لە دەرئەنجامی هێرشەکەی داعش شنگال بوو بە وێرانە، پتر لە ٢٠٠٠ کەس شەهید بوون، ئەوانی دیکەش ئاوارەی شار و گوند و کەمپەکان بوون، هێنانەوەی دیلەکانی دەستی داعش، هەستیارترین کارە کە لە ماوەی شەڕی داعش ئەنجام درا، ئەرکی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی کوردستان قورس بوو، لەلایەك سازدانی پێشمەرگە بۆ



بەرگری لە خاکی کوردستان و پاراستنی ئاسایشی وڵات و داڵدەدانی ئاوارە و پەنابەران، ئینجا کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی بەدیلگیراوەکانی ئێزیدی بە تایبەتی کچان و ئافرەتانی ئێزیدی. جگە لەمانە میکانیزم و نەخشەڕێگە دانرا بۆ چۆنیەتی گەڕاندنەوەیان و چەندین کەس لەناو کەمپەکان دۆزرانەوە کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ عەرەبی ناو موسڵ هەبوو، بەهۆی ئەوانەوە لە ڕێگەی قاچاخ توانییان ژمارەیەك لە دیلەکان بکڕنەوە و بیانگەڕێننەوە. تا ٢٠١٧/٤/٣٠ لە کۆی ٦٤١٧ دیل ٣٠٠١ کەس گەڕێندرانەوە و ئازادکران کە ١٨٧٧ مێینەن و ١٩٢٤ نێرن، کەواتە هێشتا ٣٤١٦ کەس دەستی رزگارکردنیان پێنەگەیشتووە و گەڕاندنەوەیان کارێکی زۆر دژوارە و وەك ئەوە وایە پاروو لە دەمی شێر دەربکەیت. ئەو ئۆفیسە لە کارکردن بۆ رزگارکردنی رفێندراوەکان بەردەوامە، ژمارەیەك عەرەبیش کە لە ناو موسڵ هاوکاری ئەو ئۆفیسەیان دەکرد، تائێستا سێ کەسیان ئاشکرابوون کە بەداخەوە لەلایەن تیرۆریستانی داعش سەریان بڕدرا. کچان و ئافرەتان سەرەتا کە دیل دەبن لەلایەن داعشەوە ناویان لێ دەندرێت سەبایە، پاش ئەوەی دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، دەبنە جاریە، کوڕان و پیاوانیش سەرەتا ئەسیرن و دواتریش کە دەگەنە مەڵبەندی داعش دەبنە کۆیلە، کۆیلە و جاریە لە بازاڕی (النخاسە) کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕیان لەسەرە، نرخەکانیان لە ١٠٠٠ دینار تا ٥٠٠ دۆلارە و نابێ لەم نرخە تێپەڕێت و وەك خزمەتکار و جووتیار و شوان و گاوان بەکاریان دێنن لە پاڵ کاری ماڵەوە، ئافرەتان و کچانی دیل بۆ کاری سێکسی بەکاردەخرێن.

**بڕی ئەو بودجەی کە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ٣٠٠١ دیلە خەرجکراوە، پتر لە چوار ملیۆن دۆلارە کە خودی سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی سەرپەرشتی ئەو دۆسیەیە دەکات**

**بەپێی وتەی نوێنەری ئێزیدییان لە حکومەت سەرۆکی حکومەت بەردەوام بە پەرۆشەوە بەدواداچوون دەکات و زۆر نیگەرانی چارەنووسی دیلەکانە بەتایبەت کچانی دیل و رایگەیاندووە سەرەڕای قەیرانی دارایی حکومەتی کوردستان هەرچەندە دارایی پێویست بێت بۆ رزگارکردنیان خەرج بکرێت**

**جینۆسایدی ئێزیدییان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کوردان وامان لێ دەکات قەناعەت بهێنین کە هیچ رێگەیەک جگە لە دروستکردنی شورەیەک لە نێوان جوگرافیای کوردستان و عێراق و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەماوە و دەبێت لە چنگ داگیرکەری عەرەب رزگارمان بێت**

*** وەك دەزانن سەرۆكی كوردستان و سەرۆكی حكومەتی كوردستان هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بەپارە ئەو ئافرەت و كچانە بكڕنەوە كە لەلایەن داعشەوە رفێندراون، بەمەش تا ئێستا وەك باستان كرد، ژمارەیەكی زۆر لە كچان و ئافرەتانی ئێزیدی رزگاریان بووە، ئایا خەمخۆریی سەرۆك مسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی تاچەند باری سەرشانی كوردانی ئێزیدی سووك كردووە؟**

- هەر لە درێژەی هەوڵ و تەقەڵاكانی حكومەتی كوردستان و پێوەندی ئاست باڵای سەرۆكی كوردستان لەگەڵ هاوپەیمانان، توانرا رێككەوتنێك لەگەڵ بادن فۆر تیمبرگ (یەك لە ویلایەتەكانی ئەڵمانیا) بكرێت بۆ وەرگرتنی ١١٠٠ ئافرەت و منداڵی دیلی گەڕاوەی ژێردەستی داعش. ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان لە نێوان ٥٠٠ تا ١٠٠٠ كەسی تر لەم ویلایەتە وەربگرن. سەرۆكی حكومەتیش دووجار لەگەڵ مەجلیسی رۆحانیی ئێزیدیان دانیشتووە و بەڵێنی پێداون ئەوەی لە دەستی بێت بۆ گەڕاندنەوەی دیلەكان دەیكات. بڕی ئەو بودجەی كە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ٣٠٠١ دیلە خەرجكراوە، پتر لە چوار ملیۆن دۆلارە كە خودی سەرۆكی حكومەت نێچیرڤان بارزانی سەرپەرشتی ئەو دۆسیەیە دەكات و بەپێی وتەی نوێنەری ئێزیدییان لە حكومەت سەرۆكی حكومەت بەردەوام بە پەرۆشەوە بەدواداچوون دەكات و زۆر نیگەرانی چارەنووسی دیلەكانە بەتایبەت كچانی دیل و رایگەیاندووە سەرەڕای قەیرانی دارایی حكومەتی كوردستان هەرچەندە دارایی پێویست بێت بۆ رزگاركردنیان خەرج بكرێت.

*** ئەو ئافرەتانەی لە دەستی داعشەكان رزگاریان دەبێت، جگە لە تێكشكانی باری رۆحی و دەروونییان كە نیازی بە چارەسەری جددی هەیە، تا رادەیەكیش لەلایەن خێزانی خۆیانەوە مەترسی ئەوەیان لەسەرە كە بە ئاسانی قبووڵ نەكرێنەوە، تەنانەت ئەگەری ئەوەشی هەیە رووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە، لەو بارەیەوە تا ئێستا چییان بۆ كراوە؟**

- بۆ ئەوەی ئەم ئافرەت و كچانەی كە دەگەڕێنەوە ناو كەسوكاریان تووشی هیچ كاردانەوەیەك نەبن لە توندوتیژی، یان شەرم و عار بوون، لیئافرەتەی گەڕاندنەوەی ئەم دیلانە لە سەرەتادا لەگەڵ بەڕێز بابەشێخ كە گەورەی ئایینی ئێزیدییانە دانیشتن، ئەویش بۆ ئەوەی رابگەیندرێ كە لە رووی ئایینییەوە هیچ شەرمێك ناكەوێتە نێوچەوانی كچان و ئافرەتانی رفێندراو، چونكە ئەمانە بێدەسەڵات بوون و بردراون و دەستدرێژییان كراوەتەسەر. دوای ئەوەی كە گەورەی ئایینی ئێزیدییان ئەمەی راگەیاند، سەرۆك هۆزەكانیش هەمان بیر و بۆچوونی خۆیان راگەیاند. بێگومان ئافرەتانی دیل دەگەڕێنەوە، لە رووی دەروونییەوە تووشی ئازارەكانی پۆست تراوما دەبن، واتە لە ماوەی دیلی ئەوان لە رووی رۆحی و فیزیكی ئەشكەنجە دراون، ئایینیان پێ گۆڕیون، تەنیا بە زمانی عەرەبی دواون، قورئانیان پێ ختم كردوون، چەندین جار فرۆشراون و بە دڕندەترین شێواز دەستدرێژی سێكسی كراوەتە سەریان، لە رووی جەستەیی هەموویان تووشی جۆرەها نەخۆشی ئافرەتان بوون، ئەمانە تێكشكاون و پێویستیان بە چارەسەری درێژخایەن هەیە، لە رووی رۆحی و جەستەیی بۆ ئەوەی لەم كابوسەی كە چەندین مانگ و ساڵ تێیدا ژیاون،رزگاریان بێت و سەرلەنوێ دروست بكرێنەوە. بەو بارودۆخەی كە كوردستان هەیەتی و تایبەت لەم قەیرانە ئابوورییە، ئیمكانات كەمە بۆ چاككردنەوەی رەوشی دیلە گەڕاوەكان، بۆیە پێویستە بەردەوام داوا لە وڵاتانی هاوپەیمانان و رێكخراوە مرۆییەكان بكرێت كە هاوكاری حكومەت بكەن بە دامەزراندنی سەنتەری تەندروستی دەروونی و نەخۆشخانەی ئافرەتان یارمەتی سارێژكردنی برینی ئافرەتانی ئێزیدی بدەن.

*** جگە لەو هەنگاوانەی كە حكومەتی كوردستان تا ئێستا بۆ باشتركردنی دۆخی ئێزیدییان هەڵیگرتووە، پێویستە چی دیكە بكرێت و سەربەخۆیی كوردستان و بوون بە دەوڵەت تا چەند دەتوانێت رێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە گەورانە لە دژی كوردان بكات؟**

- پێویستە هەوڵ بدرێت رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ كە رۆژی جینۆسایدی ئێزیدییەكانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانی پێبندرێت و كاربكرێت بۆ ئەوەی زیانلێكەوتووان و قوربانییانی ئەو تاوانە گەورەیە قەرەبوو بكرێنەوە. هەروەها پێویستە حكومەتی كوردستان نەهێڵێت ئەم تراژیدیایە لەبیربكرێت، بەڵكو بە دامەزراندنی دەزگایەك بۆ بە دیكۆمێنت كردن و ئەرشیف كردن، ئەم یادە تاڵە بە زیندوویی بهێڵدرێتەوە، ئەم تراژیدیایەش هاوشێوەی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفالی كوردانە و وامان لێ دەكات قەناعەت بهێنین كە هیچ رێگەیەك جگە لە دروستكردنی شورەیەك لە نێوان جوگرافیای كوردستان و عێراق و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەماوە و دەبێت لە چنگ داگیركەری عەرەب رزگارمان بێت. تەنیا دۆستانمان لە وڵاتانی هاوپەیمان بوون كە لەم كارەساتە فریامان كەوتن و تەنیا ئەوانیش دەتوانن یارمەتیمان بدەن لە سارێژكردنی برینی قوربانییان، لە وەرگرتنیان وەك پەنابەر، هەروەها بە پشتیوانییان لە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان بۆ ئەوەی وا بەئاسانی چیتر خەڵكی كوردستان نەبنە قوربانیی دەستی دڕندەیی هیچ داگیركەرێك.

# ئەوەی لەبارەی ئێزیدیەکانەوە نەگوتراوە



**ئاری ڕەفیق** *

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پاش ئەو تراژیدیا جەرگبڕەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش رووبەڕووی ئێزیدیەکانی کردەوە، لە گۆشەی جۆراوجۆرەوە فۆکەسی زۆر کراوەتەسەر قۆناغەکانی دوای ڕوودانی تراژیدیایەکە، بەشێکی هەوڵەکان هەوڵی یاسایی بوون بۆ دامەزراندنی دادگای تایبەت بە تاوانەکانی داعش و لەناویشیدا بۆ بەجینۆسایدکردنی تراژیدیای دژبە ئێزیدیەکان، لە سەرەتای تاوانەکانی داعشیشەوە هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ خستنەڕووی پێشنیاری چوار دادگای تایبەت بە تاوانەکانی داعش، لەوانە (دادگای نێودەوڵەتی تایبەت، دادگای ICC، دادگای تێکەڵ، دادگای ناوخۆ) پێشنیاری دامەزراندنی ئەم دادگایانە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەپێی پڕۆژەیەکی پێشنیارکراو کە میکانیزم و لێکەوتەو ئەرکەکانی تێدا کۆکراوەتەوە ئامادەکراوەو خراوەتە بەر گفتوگۆی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام تا ئێستا بە فەرمی هیچ یەکێکیان دانەمەزراون.

هەروەها لەڕووی لێپێچینەوەو بەدواداچوونی تاوانەکانی دژبە ئێزیدیەکان، هەر لە سەرەتای تراژیدیای شەنگالەوە لیژنەی باڵای تایبەت بە جینۆساید لە پارێزگای دهۆك لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا، پێکهاتەو ئەندامانی ئەم لیژنە باڵایە توانیویانە تاڕادەیەکی زۆر باش سەرکەوتوو بن لە کۆکردنەوەی زانیاری و بەدیکۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش، بەتایبەت ئەو تاوانانەی رووبەڕووی ئێزیدیەکان بۆتەوە، هەروەها خودی ئەم لیژنە باڵایە دەرئەنجامی زۆرباشیان بەدەستهێناوە لە پشتیوانی و یارمەتیدانی تەندروستی و دەروونی بەتایبەت بۆ ئەو کچ و ژنانەی لەژێر هەژموونی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش رزگاریان بووە، سەرکەوتووش بوون لەرەخساندنی دەلیڤەی بیناکردنەوەی دەروونی تێکشکێنراوی ئەو ژنانەی کە لەژێر چنگی هەوەسبازەکانی داعش خۆیان دەربازکردووە و بەشێکیشیان بە زەبری پارە دەربازکراون.

## ئێزیدییەکان کێن ؟

لەدوای تراژیدیای شەنگال ئەوەندەی لە میدیاکانەوە بایەخ بە ململانێی سەربازی و سیاسیی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و پارت و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دراوە، نیو ئەوەندە فۆکەس نەخراوەتە سەر ئەو دیوانەی کە خزمەت بە شەنگال و ئێزیدیەکان دەکات، بۆیە لێرەدا بە گرنگی دەزانم ئاماژە بە خستنەڕووی چەند زانیارییەکی گرنگ بدەم سەبارەت بە ئێزیدییەکان، بەتایبەتی لەپاش ڕەشەکوژیەکەی شەنگال، لەوانە:

- پێش هاتنی داعش ژمارەی ئێزیدیەکان لە عێراق و کوردستان (٥٥٠٠٠٠) کەس بوو، واتا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس.
- پاش غەزوەکەی داعش بۆ سەر ناوچەکانی ئێزیدییەکان (٣٦٠٠٠٠) هەزار کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و زۆرینەشیان لە کەمپەکاندا نیشتەجێکراون.
- هەروەها نزیکی (٦٠،٠٠٠)هەزار کەس ئاوارەی وڵاتانی تورکیاو سوریا بوون.
- لەسەرەتای بەزاندنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە هەتا ئێستا(١٢٩٣) ئێزیدی بە دەستی داعش کوژراون.
- ژمارەی هەتیوەکانی ئێزیدیەکان کە لەئەنجامی شەڕی داعش هەتیوو بوون بە دەستی داعش پێکدێن لە (٢٧٤٠) منداڵی ئێزیدی.
- لەدوای هاتنی داعشەوە هەتا ئێستا توانراوە (٢٢) گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزیدیەکان بدۆزرێتەوە.
- هەروەها هەتاکو ئێستا (٤٤)مەزارگەو شوێنی ئایینی تەقێنراوەتەوە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.
- ژمارەی کەسە رفێنراوەکان لەلایەن داعشەوە دەگاتە(٦٣٨٦) کەس، لەم ژمارەیە (٣٥٢٧)کەس لە رەگەزی ئافرەتن و(٢٨٥٩) کەسیش لە رەگەزی نێرن.
- ژمارەی رزگاربووانی ئێزیدی (٢٥٨٧)کەسن، لەمانە (٩٣٤) لە رەگەزی ئافرەتن و (٣٢٥) لە رەگەزی پیاون و (٦٥٨) لەتەمەنی منداڵیدان لە رەگەزی مێ و (٦٧٠) منداڵی تریش لە رەگەزی نێرن.
- ئەوانەی کە تا ئێستا لەژێر دەستی داعشدا گیریانخواردووەو دەستگیرکراون ژمارەیان دەگاتە (٣٧٩٩) کەس، لەوانە (١٩٣٥) کەسیان لە رەگەزی (مێ)ن و (١٨٦٤) کەسیشیان لەرەگەزی (نێر)ن.
- ژمارەی ئەو منداڵ و گەنجانەی کە لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعشن و بەزۆر مەشقی عەسکەریان پێدەکرێ نزیکەی (١٢٠٠) منداڵ و گەنجی ئێزیدین.

هەروەها لەڕووی دیکۆمێنتی میدیاییشەوە هەندێك هەنگاوی جدی و باش نراون بۆ دۆزینەوەی قوربانیانی تاوانەکان و دواندنیان بۆ گێڕانەوەی وردەکاری ئەو ڕووداوانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە رووبەروویان بۆتەوە، بۆنموونە لە ئێستا چەند فیلمێکی دیکۆمێنتاری تایبەت بە ژنانی رزگاربووی ئێزیدیەکان بەرهەمهاتوون، لەناو هەر یەکێك لە فیلمانەدا چیرۆکی کارەساتباری زۆر گەورە هەن کە مرۆڤ ناتوانێ لە ئاست بینین و گوێگرتن لە وردەکاریەکانی ڕووداوەکانی ناویان قوڕگی پڕنەبێ لە گریان!

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی ئەو زانیاریانەی من هەمە لەدوای تراژیدیای شەنگالەوە خودی نێچیرڤان بارزانی گوژمەی حەوت ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە بۆ هێنانەوەو رزگارکردنی رفێنراوەکانی ژێردەستی داعش و تاکو ئێستاش توانراوە نزیکەی (٣٠٠١) کەس لەژێردەستی داعش لەرێگەی تەرخانکردنی ئەم گوژمەیەی ئاماژەمان بۆکرد رزگاربکرێن.

بەدەر لەم هەوڵانەی سەرەوە، توانراوە ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوە بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان رابکێشرێنە ناو پرۆسەی سەرپێخستنەوەی ژیانی ئاسایی ئێزیدییەکان لەرێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەی کورتمەوداو دوورمەوداوە، ماوەتەوە بڵێم لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاو و هەوڵانەشدا تا ئێستاش ئێزیدییەکان خوێنی ئەو رەشەکوژییەیان لێدەچۆڕێ، بۆیە گرنگە هەمووان لەو هەموو توڕەیی و پەستبوونەیان حاڵی بین.

*** ماستەر لە کۆمەڵناسی**